حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی ویژەیی )

بەناوی خودای گەورە

بابەت: مێژوو /کات: سێ کاتژمێر
# وەڵامی نموونەیی
ساڵی خوێندنی ٢٠٢١- ٢٠٢٢ ( خولی یەکەم )

پەنجەمۆر

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. بۆ فراوانکردنی سنووری دەوڵەتەکەی محەمەد عەلی لەسەر داوای سوڵتان مەحمودی دووەم لەساڵی( ١٨١٨ز ) لەشکرێکی لە ژێر فەرمانددەی ئیبراهیم پاشای کوڕی ناردە سەر:
A- شام B- سودان C- **نیمچە دورگەی عەرەب** D- وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی

٢. عەلی مراد خان لە تاران خۆی بە شای ئێران ڕاگەیاند و بە سوپایەکی زۆرەوە ڕوویکردە:
A- شیراز B- **ئەسفەهان** C- تەورێز D- مازەندەران

٣. شا ( تەهماسب ) بە ناچاری پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی لە تەورێزەوە گواستەوە بۆ قەزوین، دوای هێرشی عوسمانییەکان لەسەردەمی سوڵتان:
A- محەمەد فاتح B- سەلیمی یەکەم C- مورادی چوارەم D- **سلێمانی قانونی**

٤. چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراو لە کاتی داگیر کردنی ئەستەنبوڵ لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە دامەزرا، وەك:
A- ڕێکخراوی نەتەوەی کورد B- کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کورد
C- کۆمەڵەی ئیستخلاصی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی D- **هەموو وەڵامەکان ڕاستن**

٥. عەشیرەتی جاف لە ئەیالەتی شارەزوور، هەموو تایەفەکانی ئەم عەشیرەتە بە سێ بەش و جۆری جیاواز زەوییان هەبوو وەك زەوی وزاری زستانە لە:
A- دەشتی شارەزوور B- **قەزای سلێمانی** C- ناوچەی سنە D- گەرمیان و کەرکوك

٦. ڕێگەدان بە ژیانی پارتایەتی سەربەخۆ و لابردنی پەیمانی ١٩٣٠، لە داواکارییەکانی دانیشتوانی شاری سلێمانی بوو لە وەزارەتەکەی:
A- نوری سەعید B- محەمەد سەدر C- **ساڵح جەبر** D- فاضل الجمالی

٧. عەلی ڕەزا پاشای والی بەغدا شاری موحەممەرە ( خورەمشەهر )ی داگیر کرد لە ساڵی :
A- **١٨٣٧ز** B- ١٧٣٨ز C- ١٨٤٢ز D- ١٨٤٧ز

٨. ( ساڵح زەکی بەگ ساحێبقران ) لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید ،بوو بە :
A- وەزیری ناوخۆ B- لێپرسراوی گشتی گومرگ C- موفەتیشی گشتی D- **وەزیری بەرگری**

٩. لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد بوو لە باکوری کوردستان :
A- بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان B- **بایەخدان بە باری ئابووری کوردستان**
C- بایەخدان بە فێربوونی منداڵانی کورد D- بەرەنگاربوونەوەی ئیستعمار

١٠. ئومێدی لای گەلانی ژێردەستی وەك ( بلوج و کورد ) بڕی کە ئەمریکا وەك زلهێزێك بیر لە مافە ڕەواکانیان بکاتەوە و پشت گیرییان بکات:
A – **پەیمانی بەغدا** B –ڕێکەوتنامەی جەزائیر C – کۆبونەوەی قاهیرە D – پەیمانی پۆرتسمۆث

١١. هێزەکانی بەریتانیا لە بەردەوامی پێشڕەوییان لە عێراق، لە( ١٨تشرینی دووەمی١٩١٨ز ) چوونە شاری موسڵ، پاشان تەواوی ویلایەتی موسڵ کەوتە ژێر دەستی بەریتانیا بە سەرکردایەتی :
A- ستانلی مود B- سۆلۆمۆن C- **ولیام مارشاڵ** D- دەبلیو.ئار.های

١٢. لەسەرتای سەدەی شانزەهەمدا تەرازووی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا ،بەهۆی بەهێزی و ناوبانگی دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەوی و بێ هێزی و لاوازی دەوڵەتی:
A- عوسمانی B- مەمالیك C- **ئاق قۆینلو** D- هیچیان ڕاست نین

١٣. دوای یەکخستنی میرنشینەکانی دراوسێی وەك شێروان و برادۆست ( میر محەمەد ) دەستی بە جوڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەی کرد لە ساڵی:
A- ١٧٢٦ز B- **١٨٢٦ز** C- ١٨٢٨ز D- ١٨٣٠ز

١٤. لە ( ٦ی حوزەیران١٩٢٠ز ) لە درێژەی زنجیرە ڕاپەڕینەکانی دژ بە ئینگلیزەکان، ڕاپەڕینەکان گەیشتە ناوچەی :
A- **تەلەعفەر** B- هەریرو باتاس C- ئامێدی D- ڕەواندزو باڵەکایەتی

١٥. لە ساڵی ( ١٥٤٩ ز ) بۆ جاری دووەم میری میرنشینی ئەردەڵان ڕاپەڕینی بەرپاکرد دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بەڵام بە هێزێکی زۆری ئاگرو ئاسن ڕاپەڕینەکە دامرکایەوە لەلایەن:
A- فەرهاد پاشا B- مەدحەت پاشا C- عەلی ڕەزا پاشا D- **عوسمان پاشا**

١٦. ڕوخاندنی قەڵای زنجیرو هەردوو قەڵای قوتورو ماکۆ لە سەرووی ( وان ) ، قەڵای ( موغازبرد ) لەناوچەی قارس، یەکێك بوو لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی:
A- ئەماسیە B- **ڕێکخستنی سنوور** C- ئەرزەرومی یەکەم D- ئەرزەرومی دووەم

١٧. گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی، سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد بوو لە ڕێگەی:
A– بەبەعس کردن B – ڕاگوێزان C – **بەعەرەب کردن** D– وێرانکردنی شارو شارۆچکەو دێهات

١٨. تورکیا وازی لە ویلایەتی موسڵ هێنا بەرامبەر بەشە نەوتی ویلایەتەکە بە ڕێژەی ( ١٠٪ ) بۆ ماوەی ( ٢٥ساڵ ) بە پێی:
A- پەیمانی لۆزان B- پەیمانی سیڤەر C- ئاگربەستی مۆدرۆس D- **پەیمانی سێ قۆڵی**

١٩. دەوڵەتی عوسمانی دانی نا بە داگیرکردنی لیبیا لە لایەن ئیتالیاوە بەرامبەر مانەوەی دەسەڵاتی ئایینی سوڵتانی عوسمانی لە لیبیا بە پێی پەیمانی:
A- لەندەن B- بیر تەرابولس C- **ئوشی لۆزان** D- فەرمانڕەوایی دوو قۆڵی

٢٠. لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانی دووەم ئەڵقەیەکی نیشتمان پەروەرانی کورد بەڕێبەری دکتۆر عەزیز زەندی لە ساڵی( ١٩٣٩ز )دامەزرا بەناوی:
A– ڕێکخراوی نەتەوەی کورد B –کۆمەڵەی کوردستان C– پارتی ڕزگاری کورد D– **حیزبی ئازادیخوازی کوردستان**

٢١. لەکاتی گەیشتنی هێزەکانی ڕووس بۆ دەوروپشتی ( کرماشان و خانەقین ) عەشیرەتی .............. بەرگرییەکی دلێرانەیان کرد بەرامبەر لەشکری ڕووس:
A- شکاك B- بۆتی ( بوختی ) C- **سنجاوی ( سنجابی )** D- زەندی

٢٢. لە ( ٣-٨ی مایسی١٩٨٨ز ) ئەو ناوچەیەی کەوتە بەر شاڵاوی قۆناغی چوارەمی ئەنفال ،بریتی بوو لە:
A- ناوچەی قەرەداغ B- دۆڵی بالیسان C- **حەوزی زێی بچووك** D- ناوچەی بادینان

٢٣. بەرژەوەندی بەریتانیا لە عێراق لە ڕووی ئابووریەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی یەکەم کەشتی بەریتانی گەیشتە بەندەری بەسرە لە ساڵی:
A- **١٦٣٥ز** B- ١٧٣٣ز C- ١٧٣٥ز D- ١٨٦٩ز

٢٤. لە ئەنجامی ........... لە ساڵی( ١٨٧٨ز ) ناوچەیەکی زۆری کوردەواری کەوتە ژێردەستی ڕوسیای قەیسەری بەتایبەتی ویلایەتی ( قارس ) و دەوروبەری:
A- کۆنگرەی بەرلین B- پەیمانی لەندەن C- پەیمانی سان ستیڤانۆ D- **( CوA ) ڕاستە**

٢٥. گەشەکردنی باری ئابووری لە ڕواڵەتە شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی میرنشینی بابان بوو لە سەردەمی میر:
A- ئیبراهیم پاشا B- **سلێمان پاشا** C- عبدالرحمان پاشا D- ئەحمەد پاشا

٢٦. وەك هۆکارێکی ڕووخانی کۆماری کوردستان، قازی محەمەد شاری .......... ئازاد نەکرد ، ئەگەر ڕزگار بکرایە ڕێگای ڕزگار کردنی شارەکانی تر ئاسانتر دەبوو:
A- بۆکان B- سەردەشت C- **سەقز** D- شنۆ

٢٧. لە ساڵی ( ١٦٢٤ ز ) ناسر کوڕی مورشیدی یەعروبی لە ( عومان ) ئاڵای ئازادی بەرزکردەوە دژ بە داگیرکەری:

A- عوسمانی B- ئێرانی C- هۆڵەندی D- پورتوگالی

٢٨. کۆمسیۆنێکی چەند کەسی نارد بۆ ئەوروپا بەمەبەستی شارەزابوون، تا بتوانن بۆ هێنانە بەرهەمی کەرەستەی جەنگی پشتیان پێ ببەسترێت:

A- ئەحمەد پاشا B- بەدرخان پاشا C- کەریم خانی زەند D- پاشای گەورە

٢٩. ............. ڕێگەی دا بە تێپەڕبوونی سوپای تورکیا لە باکوری حەلەب بۆناو خاکی کوردستان بەمەبەستی لەناوبردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران:

A- فەرەنسا B- بەریتانیا C- سوریا D- ڕوسیا

٣٠. پەرەسەندنی بەربەرەکانێی گەلی میسرو ڕوودانی شۆڕشی یەکەمی قاهیرە، لە ئەنجامی شکستی ناپلیۆن بوو بەرامبەر بەریتانییەکان لە شەڕی :

A- تل الکبیر B- ئەمبابە C- ئەبی قیر D- دیو

٣١. یەکێك لە دیارترین ڕووداوەکانی کوردستان، دامەزراندنی فەوجەکانی سوارەی حەمیدییە بوو لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی :

A) شێخ سەعیدی پیران B- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری C- مەلا سەلیمی بەدلیسی D- شێخ عەبدولسەلامی بارزانی

٣٢. نیگەرانی بەریتانیا لە پەرەسەندنی جوڵانەوەکەی ( سەعد زەغلول ) وای لێکرد جارێکی تر بڕیاری دورخستنەوەی بدات لە ساڵی (١٩٢١ز) بۆ دورگەی:

A- ماڵتە B- جەبەل تاریق C- ریۆنیۆن D- سیشیل

٣٣. لە چاکسازیەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سوریا دامەزراندنی یەکەم ڕێگای ئاسن بوو لە نێوان:

A- یافاو قودس B- دیمەشق و قودس C- عەککا و یافا D- دیمەشق و مەدینە

٣٤. مەلا سەلیمی بەدلیسی بەهۆی خەبات و تێکۆشانی لە پێناو گەلی کورد دا، لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دورخرایەوە بۆ:

A- دیمەشق B- مەدینە C- مەککە D- ئەستەنبوڵ

٣٥. ( محەمەدعبدالکریم خەتابی ) لەو ناوچانەی دەستی بەسەرداگرتبوو کۆماری ( ریف ) ی دامەزراند لە( مایسی ١٩٢١ز) لەدوای شەڕی:

A- الرحیبە B- وادی الاصیل C- ئەنوال D- الزاویە

٣٦. پێکهێنانی سوپایەکی نوێ لە پیادەو هێزی دەریایی لەسەر شێوازی ئەوروپی هەنگاوێکی چاکسازی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە بەیاننامەی چاکسازی بەناوی:

A- ڕژێمی نوێ B- هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان C- خەتی هەمایۆن D- خەتی شەریفی گوڵخانە

٣٧. لە داواکارییەکانی مەلا مستەفا بوو لە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتەکەی نوری سەعید:

A- بژاردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەر خەڵك کەوتوون B- کشاندنەوەی هێزەکان لە کوردستان

C- ناسینی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی D- ( CوA ) ڕاستن

٣٨. لە ساڵی (١٩٥٣ز) ڕاپەڕینی جوتیارانی هۆرین شێخان دژی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی دەستی پێکرد لە:

A- دەشتی شارەزوور B- باکوری خانەقین C- هەڵەبجە D- دەشتی دزەیی

٣٩. دەسەڵاتی سمکۆی شکاك زۆر فراوان بوولە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دوای ساڵی ( ١٩١٧ ز ) بە هۆی کشانەوەی هێزەکانی............ لە ناوچەکە:

A- ئێران B- ڕوسیا C- بەریتانیا D- عوسمانی

٤٠. ( کورد لە ویلایەتی موسل تەواوی مافەکانی خۆی دەبێت لە بەڕێوەبردن و کارگێڕی و دادگا. زمانی کوردیش زمانی ڕەسمی دەبێت لە قوتابخانەو دام دەزگاکان )، یەکێك بوو لەخاڵەکانی:

A- پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ز نێوان بەریتانیاو عێراق B- پەیمانی سیڤەر

C- کۆنگرەی قاهیرە D- ڕاپۆرتی لیژنەی سێ کەسی کۆمەڵەی نەتەوەکان

٤١. ژمارە (١٩) ی ڕۆژنامەی کوردستان لە ........... دەرچوو:

A- جنیف B- قاهیرە C- لەندەن D- فۆلکستۆن

٤٢. پورتوگالیەکان ڕێگای ( رأس الرجاء الصالح ) یان دۆزیەوە، توانیان بەئاسانی بگەنە کەنداو و دورگەو بەندەرەکانی داگیر بکەن لە ساڵی:

A- ١٨٤٩ز B- ١٥٩٨ز C- ١٤٩٨ز D- ١٦٩٨ز

٤٣. بە پێی ڕێکەوتننامەی ( سایکس- بیکۆ ) ویلایەتی دیاربەکر کەوتە ژێر دەسەڵاتی:

A- فەرەنسا B- ڕوسیا C- ئیتاليا D- بەریتانیا

٤٤. دوای شەڕی چاڵدێران و داگیرکردنی بەشی زۆری کوردستان، عوسمانیەکان توانیان پارێزگاری لە سنووری...............ی دەوڵەتەکەیان بکەن:

A- باشوور B- باکوور C- ڕۆژئاوا D- ڕۆژهەڵات

٤٥. تورکیا لە ساڵی(١٩٣٧ز) ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ گفتوگۆکردن لەو نامەیەی کە ...........بۆ سەید ڕەزای نارد بەناوی حکومەتی تورکیا:

A- فە تحی بەگ B- ئیقبال دەولەت C- ئالب دۆغان D- عصمت ئەنینو

٤٦. لە ( ٢٥تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ز) حکومەتی کاتی عێراق دامەزرا دوای ئەوەی کە.............. توانی قەناعەت بەنەقیبی ئەشرافی بەغداد عبدالرحمن النقیب گەیلانی بکات ببێتە سەرۆکی ئەو حکومەتە:

A- سێر پرسی کوکس B- ونستۆن چەرچل C- کاپتن سکوت D- ئارنولد ولسن

٤٧. لە (١٩٦٣/٢/٨ز) بەیارمەتی بەعسییەکان هەڵگەڕانەوەیەکی ئەنجام دا، عبدالکریم قاسم کوژرا و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بەسەرۆك وەزیران:

A- عبدالوهاب غریری B- عبدالسلام عارف C- عبدالرحمان عارف D- صدام حسین

٤٨. داگیرکردنی عوسمانی بۆ نیشتمانی عەرەب کە توانی دەست بگرێت بەسەر وڵاتی شام و میسرو حیجاز و یەمەن و عیراق و خۆرئاوای عەرەبی لە سەردەمی سوڵتان ............................. بوو:

A- سلێمانی قانونی B- سەلیمی یەکەم C- سەلیمی سێیەم D- ( BوA ) ڕاستن

٤٩. ئامانجی سەرەکی خەبات و تێکۆشان بوو لە پێناو بەگژداچوونەوەی دوژمنان و بەدیهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی و یەکخستنی کوردستان:

A- پارتی شۆڕش B- کۆمەڵەی کوردستان C- پارتی خۆیبوون D- کۆمەڵەی جیهاندانی

٥٠. لە ساڵی ١٩٣٣ز مەلیك فەیسەڵ مرد و مەلیك غازی کوڕی جێگای گرتەوە کە تا ساڵی ..........لە حوکم دا مایەوە :

A- ١٩٣٩ ز B - ١٩٤٩ ز C -١٩٥٨ز D- ١٩٤٢ز